سزای لەسێدارەدان بە سێ هاوڵاتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن حکومەتی ئێران جێبەجێکرا

شەوی پێنجشەممەی ڕابردوو (28ـی کانونی یەکەمی 2023)، سزای لەسێدارەدان بە سێ هاوڵاتی کورد بە ناوەکانی وەفا هێنارە، ئارام عومەریی بەردیانی و ڕەحمان پەهازوو، هەروەها نەسیم نەمازی، هاوڵاتی تورکی خەڵکی ورمێ جێبەجێکرا کە مانگی دووی ئەمساڵ بە تەمەتی «بەشداریکردن لە هاوکاریکردنی هەواڵگری ئیسرائیل» سزای لەسێدارەدانیان بە دەرچووبوو، لە زیندانی ناوەندیی ورمێ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان جێبەجێ کرا.

بەپێی تێڕای مافەکانی مرۆڤی کوردستان، بنەماڵەکانیان ڕایانگەیاند کە دوابەدوای کوژرانی سەید ڕەزی موسەوی لە فەرماندەکانی سوپای پاسداران لە سوریا، کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەیانهەوێت لە کردارێکی تۆڵەسەندنەوەدا دژ بە ئیسرائیل، ئەم چوار بەندکراوە لە سێدارە بدەن.